کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-2-2007 22:05 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## زمانی ئێوە لەو زمانەی ئێمە ناچێ ... هەورامان علی تۆفیق

Berzi-san@web. de



کات کاتی ئەوەیە لە ڕیایی و ماستاوکردن و خۆتەسك کردنەوەو درۆهەڵبەستن خۆمان دووربخەینەوە و لەڕاستی و ناوەڕۆکی بابەتەکان بدوێین و هەموو هۆکارو لایەنە نەگەتیڤ و خراپەکان دەست نیشان بکرێن و دەستەواژەی ئەو چارەسەرانەش بکەین بۆ یەکلابووەیان و گەیشتن بەئاکامێك. لێرەدا مەبەستی لەوەدایە کە کاتێك باس لەزمان و ووشەو ڕەسەنایەتی و یەکگرتووی زمان و کوردایەتی و نەتەوەیی باسیان لێوە دەکرێ و جۆرەها ووشەو رازاوەی جۆربەجۆریش لەم بارەوە خوایان دەهاوونە بازاری گەرمی ئەو نووسەرانەی لەم ڕووەوە دەنووسن و مافەکان بەڕەوانابینن و کاتیش بەلەبار نازانن. بەڵام ئەوەیان لەبیرنیە یان لەبیریانەوە خۆیانی لێ گێل دەکەن و نایانەوێ باسی لێوەبکەن کاتێك باس لەدیالێکت و یەکبوونی زمان و کوردایەتی دەکەن بۆ کاتێك کە لەگەڵ کوردێك دەدوێن لەیەك ناگەن و ناچار دەبێ یان بەعەرەبی یان بەتورکی یان بەفارسی و زۆر جار زمانە ئەورووپیەکان بەکاردێن و بۆ خۆم چەند جار لەگەڵ چەند کوردێکی کوردستانی باکور دواووین بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بەهیچ شێوەیەك لەیەك نەگەیشتووین و خێراپەنایان بردۆتە بەر تورکی و لەبەر ئەوەی منیش تورکیم نەزانیوە ئەوە بەئەڵمانی دواووین. ئەمە دیاردەیەکە نەك تەنها لەگەڵ کوردستانی باکور تەنانەت کوردستانی خۆشمان کە بادینان و سۆران و هەندێ لەو خێزانانەی کە لەهەندەرانن و بەهۆیی ئەوەی کە هەموومان کوردین و لە ژیانی ئاوارەیدا پێکەوە دەژین پەیوەندی دروست دەبێت بەڵام گرفتی ئەوە دروست بووە کە بەشێوەیەکی باش لەیەك نەگەیشتووین کە لەلایەن منداڵەکانەوە بووبێت یان خێزانەکانیانەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەمە لەنێوان سۆران و بادینان یان کرمانج ئەوە باسی هەورامانی مەکە چونکە ئەگەر بەهەورامی قسەیان بۆبکەیت وائەزانن بە زمانێکی بیانی لەگەڵیان دەدوێت و بەهیچ شێوەیەك لێت تێناگەن و تەنانەت ناویشیان نەبیستووە و هیچیش دەربارەی نازانن. . ئەمە گرفتی ئێمەی کوردە تائێستا ئاگامان لەیەکتر نیە و قسەی گەورە گەورەش دەکەین و باسی دیالێکت و یەك بوونیان دەکەین تائێستا ناتوانین لەیەك بگەین و زمانەکانمان لەیەك نزیك بکەینەوە، کاتێك باس لەوە دەکەین با دەستووری هەرێم دان بەو زمانە کوردیانەدا بنێ بەبێ فەرق و جیاوازی و بەبێ خواستی ئەوانی تر براگەورەیان بۆ دیاری نەکرێ چونکە ئەگەر ئێمەی هەورامی نەمان توانی بەزمان خۆمان بخوێنین و بنووسین و لەڕاگەیاندن و میدیاکانەوە سەربەخۆیی تەواومان هەبێت و وەك ئەوانی دی مافەکانمان دیاربن و ووشەو ڕێزمان و نووسینی ئەدەبیاتی بەرەو لەناوچوومان زیندووکەینەوە و لەفەوتان و سڕینەوەی ڕزگارکەین. . تائێستا تەلەفزیۆنە کوردیەکان بەئارەزووی خۆیان هەرکات دڵیان خۆشبووبێت و ئارەزوویان هەبووبێت بەخێری خۆیان دوو هەفتە جارێك بەرنامەیەکی ناتەواوی یەك سەعاتی بەونیوە ناچڵی و بەمنەتیشەوە دەدەن و ئەگەر سوپاس و مەمنوونیش نەبێت ئەوەشت پێ ڕەوانابین و لێت دەسەنەنەوە وەك ئەوەی ئێمە لەو نەتەوەیە نەبین و لەفیداکاری و شۆڕش و قوربانیەکاندا بەشدارنەبووبین، وەك هەورامان لانەی شۆڕشەکان و پێشمەرگەو جێگای چالاکی و گۆڕستانی دوژمنان نەبووبێت وەك ئەو مەڵبەندە لەڕەسەنایەتی خۆیی بووبێتەوە و فرۆشتبێتی. . بەڵام ئێستا لەوە ناگەم ئەوانە لەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕوانگەیەوە دەدوێن و بەم بڕوایەوە سەیرمان دەکەن ئەگەر کەمێك بەخۆیاندا بچنەوە و لەڕاستیەکان ووردبنەوە و بەویژدانەوە لەخۆیان و لەئێمەش بڕوانن ئەوکات دەتوانن لەدەرەوەی ئەو بازنەی کەیاری تێدا دەکەن بمان بینن چونکە کاتێك مرۆڤ لەنێو بازنەیەکدا بسوڕێتەوە بێ گومان ئەوانەی دەرەوەی بازنەکەی خۆیی نابینێ..

لەو کەینوو بەینەی ئەمڕۆی ئەم گرفت و ئەو خواست و ویستەی کەسایەتی هەورامی کە دەیەوێ بەزامانی خۆیی ئەو ووشانەی کە لەدایکیەوە فێردەبێت و پێیان دەئاخەفێ ئاوهاش دەیەوێ لە خوێندنگاوسەرلاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارو دەزگاو میدیایەکان لە تەلەفزیۆن و ڕادیوو و چالاکیە هونەری یەکانیش بگرێتەوە. تا ئەو منداڵانەی کە تەنها دەزانن قسەی پێبکەن فێری ئەوەش بن پێ ی بنووسن و لەڕێگایەوە کولتوور ڕەسنەیاتی خۆیان و باوباپیرانیان بدۆزنەوە وەك خۆیی بەبێ دەستکاری و تێکدان بەو شێوەی کە لەدایك بووە نەك بەو شێوەی کە دروست کراوە، بێبەش ترین کۆمەڵگا لە کۆمەڵگای کوردەواری کەسایەتی هەرامیەکانە ئەوانەی کە هەمیشە پشکۆیی بەرئاگردان بوون بەبێ ویستی خۆیان زمانی تریان بۆ بووە بەدایك و بەزۆر فێردەکرێن ئەگەر ئەو زمانەش کوردی بێت، چونکە ئێمەی کورد نەك تەنها لەزانەکەمانەکەشماندا چەندین بەشین و خۆمان بۆ یەکلاناکرێتەوە ئاوهاش لەڕوی سیاسی و بۆچوون و کارو ئایندەشەوە بەش بەشین دڵیشمان بەوە خۆشە ئێمە کوردین و شانازیشی پێوەدەکەین بەڵام شەرم نامانگرێ و بەخۆماندا ناچینەوەتەنها پرسیارێك بۆ لەیەك نەکەین و نەڵێن بۆ لەیەك نەگەین.. ؟ ئەگەر مەسەلەکە دیالێکتە بۆ هێندە لێك جیاوازین ئەگەر مەسەلەکە دووژمنان بۆ ماوەمان پێداوون ئەگەر خۆشمانین و بڕوانەبوون بەڕۆشنبیریەتیمان و زمان و کەلتورمانە ئەی دەبێ لەوە زیاتر هۆکارەکان چی بن..

لەهەمان ڕوانگەشەوە کە ئەمڕۆ ئێمەی هەورامی ئەوانەی بەزمانی هەورامی ئاخافتن دەکەین دەمانەوە زمانی خۆمان لەو دیلی و توانەوەیە ڕزگاربکەین و دانیشتوانی هەورامان ڕۆڵەکانی بەربنارو چیاکانی بەو زمانە شیرین و پاکەی خۆیان لەپاڵ سۆرانی و بادینی (کرمانجی) دا بخوێنن تا دوارۆژ ئەو کێشەی کە ئەمڕۆ ئێمە هەمانە ئەوان نەیان بێ و لەیەك بگەن و زمانی بیانی بەکارنەهێنن و دواتریش ئەو زامانە ستاندارە یەکگرتووەی کە دەبێ وەك زەروریەتێکی مێژووی ڕۆژی لەدایك بوونی نزیك بێتەوە و نوسین و گراماتیك و ڕێساو هێمای لەمێژینەی خۆمان بۆ بگەڕێتەوە و ئەو کات وەك نەتەوەیەی کورد خاوەنی زمانی یەکگرتووی خۆمان بین.

سەیرە ئەو داواو خواستانەی ئێمەی هەورامیەکان پەسەند نیە و بەباشی نازانن و ئەم کاتە لەبارو گونجاونیە یان بەجۆرەها شێوەو بیانوو پاساو دێننەوە، بەڵام درك بەوەناکەن زمانێك لە فەوتان و توانەوەو لەناوچوون ڕزگاری دەبێ کە چەندین ساڵە لەناودەبرێ و کەس لای لێناکاتەوە و واخەریکن ئەو ناوەشی دەسڕەنەوە بەناوی دیالێکت و فکرو بۆچوونە شێوە شۆڤێنیەکان کە سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە سەر عەرەبە باپیرەکانیان و هەمان بەرنامەو پلانی ئەوان دەیانەوێ دووبارەی بکەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.